# شانۆی کوردی لە هەندەران «تیپی شانۆی ئارارات.. ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا»

د. فازڵ جاف

شانۆیی گێژەن لە ڕووی میتودی دەرهێنانەوە یەکەم بەرهەمم بوو کە لەسەر ئاستی نواندن و دەرهێنان و سینیۆگرافیا چەمکی شێوازگەریێتی و مەرجەکیم تێدا بەکار هێنا. دیارە هەردوو چەمکەکە بە ئەندازەیەک لە یەکدییەوە نزیکن، هەندێک کەس لێکیان جودا ناکەنەوە، هەردوو چەمکەکە بۆ ئەو قۆناغەی کاری هونەریی من تازە بوون، هەردوو چەمکەکە بناغەی هونەری و دنیابینی ئیستێتیکیانەی ڕێبازی شانۆیی میرهولد پێک دێنن، منیش بۆ یەکەم جار لە دیمەشق، بەر لەوەی بگەمە ستۆکهۆڵم، لە کتێبەکەی میرهولد دەربارەی هونەری شانۆ، ساڵی ١٩٨٠ ئاشنایان بووم.

بەشبەحاڵی خۆم پێشتر لە شانۆیی پردی ئارتادا، بەبێ شارەزاییەکی تیوری و ئیستێتیکی قووڵ بەکارم بردبوو، بەڵام پاش چەند جارێک خوێندنەوەی کتێبەکە، دیدگا و بۆچوونم سەبارەت بە هەردوو چەمکەکە فراوانتر و قووڵتر بوو، بگرە لە زۆر ڕووەوە جیاوازتریش بوو.

هەر لە تاقیکردنەوەکانی پێشووتری تیپدا، ئەوانەی باسمان کردن و نمایش نەکران، جەختم لەسەر چەمکی شێوازگەریێتی دەکرد، ڕاستە تێگەیشتنی ئەم چەمکە بۆ ئەکتەرەکان ئاسان نەبوو، بەڵام جار لە دوای جار، چ بە تاقیکردنەوە و چ بە کردەیی، ئەکتەرەکان لە مەبەستم تێدەگەیشتن و تادەهات زۆرتر لەوە دەگەیشتن کە شێوازگەریێتی پێوەندییەکی بنەڕەتی بە فۆرم و چۆنیەتی داهێنان و بەکارهێنانی فۆرمەوە هەیە، بە واتەی میرهولد چۆن فۆرم دەکەیتە بەر دیاردەیەک، یان ڕووداوێک، یان سەردەمێک، تەنیا جەوهەر و کاکڵە و سیمای سەرەکی دەخەیتە ڕوو، بێ ئەوەی بایەخ بە وردەکاری بدەیت.

دیارە دۆزینەوەی فۆرم، یان ڕاستتر بڵێم داهێنانی



**ڕێژیسۆر لە کاتی پرۆڤەدا**

فۆرمی هونەری لە دەربڕین مەبەست و ئامانجی ئەکتەر و ڕێژیسۆرە لە چوارچێوەی چەمکی شێوازگەرێتیدا، بۆیە داوام لە ئەکتەرەکان کرد کە بەردەوام، بەر لەوەی هەوڵ بدەن دیوی ناوەوەی کەسەیەتییەکانیان بەرجەستە بکەن، هەوڵ بدەن فۆرمی جەستە (پلاستیکا) بخوڵقێنن، فۆرمێک کە هونەری بێت، هاوکات هزر و ناوەڕۆک بە پوختی بگەیەنێت.

ئەم ئەرکە بۆ ئەکتەری لای خۆمان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا ئاسان نەبوو، بەتایبەتی ئەکتەرێک بە پلەی یەکەم پشت بە بەهرە و توانایی خۆڕسکانە ببەستێت، نەک بە زانیاری ئەکادیمی و زانستیانە، بەڵام پێم وایە بە ئەندازەی زانیاری و تێگەیشتنی ئەو سەردەمەم کە بۆ من سەرەتای ناسینی ڕێبازی فیزیکی مێیرهولد بوو، توانیومە ئەکتەرەکان تا ڕادەیەکی باش بەرەو ئەو مەبەستە ئاراستە بکەم، وایان لێ بکەم خەیاڵ و ئەندێشەیان بۆ دۆزینەوەی فۆرمی گونجاو بخەنە گەڕ، پرۆڤە دوای پرۆڤە، ڕاهێنان دوای ڕاهێنان وزەیان کارا بکەن، تاکو لە قۆناغەکانی کۆتاییدا تا ڕادەیەک باش لە ڕێگەی ئیمپرۆ(ئیرتیجال)ەوە چەمکی شێوازگەرێتی نزیک پیادە بکەن.

ستیلی شێوازگەریانەی ئەکتەرەکان، شانبەشانی سینۆگرافیای شێوازگەریانەی مەرجەکی سیما و تایبەتمەندێتی نمایشی گێژەن بوو کە ڕەنگە زۆربڵێیی نەبێت ئەگەر بڵێم نەک هەر بۆ خۆم وەک ڕێژیسۆر، بگرە بۆ یەکەم جار ئەم ئەزموونە لە چوارچێوەی شانۆی کوردیدا، نمایشێک بوو پشت بە چەمکی شێوازگەرێتی و مەرجئامێزی ببەستێ، پێشکەش کرابێت.

## پلانی دەرهێنانی شانۆیی گێژەن

لە کتێبی (دەربارەی هونەری شانۆ)ی مێیرهولد، کە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بۆ ئەو سەردەمەی کارەکانم، وەک ئینجیلێک وابوو، دارشتنی نەخشەی دراماتۆرگیانە یەکەی هونەری( ئێپیسۆد) فێر بووم، هەر بۆ یەکەم جاریش لە گێژەن پیادەم کرد. ئەوانەی شارەزای ئەم تەکنیکە دراماتۆرگییەی مێیرهولدن، دەزانن کە مێیرهولد دیمەنەکانی سەر لە نوێ بەسەر چەند یەکەیەکدا دابەش دەکرد، هەر یەک لەوانە بۆ خۆی فۆرمێکی هونەری سەربەخۆ پێک دەهێنێت. داهێنانی ئەم زنجیرە فۆرمانە ئەرکی سەرەکی ڕێژیسۆرە، ئەکتەریش بە نمایشی شێوازگەریانە دەوڵەمەندتر و تێرتری دەکات، پشت بە لێهاتوویی و زیرەکی و داهێنانی خۆی بەرجەستەی دەکات.

دابەشکردنی دیمەنێک، یان پەردەیەک بە سەر چەند یەکەیەکدا لە شانۆنامەیەکەوە بۆ شانۆنامەیەک دەگۆڕێت. ئەگەر شانۆنامەیەک بریتی بێت لە چەند پەردەیەک، بۆ نموونە شانۆنامەی سێ پەردەیی تا دەگاتە پێنج پەردەیی، نەخشەی دابەشکردن و لەتلەتکردنی دیمەنەکان دەگۆڕێن. ڕاستە شانۆنامەیەکی فرەپەردەیی کاری زۆرتری دەوێت، بەڵام بەلای منەوە پرۆسەی دابەشکردنەکەی لە شانۆنامەیەکی یەک پەردەیی وەک گێژەن ئاسانترە. بۆ نموونە شانۆنامەی (زریان)، یان (دارستان)ی ئۆستروڤسکی، یان زۆربەی شانۆنامەکانی شەکسپیر و مۆلێیر، یەک پەردەی ئەم شانۆنامانە بریتین لە چەندان دیمەنی جیاواز، واتە خۆی لە خۆیدا ڕێگەخۆشکەرە بۆ چەند یەکەیەکی سەربەخۆ، بەڵام لە شانۆنامەیەکی یەک پەردەییدا ئەم ئەرکە قورسترە، ئەرکی ڕێژیسۆر سەختترە، چونکە دەبێت زۆر بە وردی زنجیرەی ئەو یەکانە بخوڵقێنێت کە بنچینەکانی نمایشەکە پێک دێنن، ئەمەش بە قەڵەم و لەسەر کاغەز نایەتە ئەنجام، تەنیا بە کردەیی لەگەڵ ئەکتەرەکان، لە میانەی پرۆڤە و ڕاهێنانی کارادا دێتە ئەنجام. ڕێژیسۆر چۆن و بەچ میتودێک یەکە هونەرییەکانی دیمەنێک دەستنیشان دەکات؟ ڕاستییەکەی

هیچ پێوەرێکی چەسپاو بۆ چۆنیەتی بنیادنان و دابەشکردنی یەکە هونەرییەکان نییە، پرۆسەکە پێوەندی بە دیدی داهێنەرانە و تێگەیشتنی دراماتۆرگیانەی دەرهێنەرەوە هەیە، لەمەشدا هەر ڕیژبسۆرێک شێواز و متیودی کاری تایبەت بە خۆی هەیە.

بەشبەحاڵی خۆم دابەشکردنی سەرجەمی شانۆنامەکە بەسەر چەند یەکەیەکدا نەک تەنیا لە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆنامەکە یارمەتیدام، بگرە ئەرکی ئەکتەرەکانیشی لە ڕووی دۆزینەوەی ڕیتم و زمانی هونەریی دیمەنەکە سووکتر کرد. سەرەتا بە شێنەیی و سەربەخۆ لەسەر هەر یەکەیەک لەو یەکانە کارمان دەکرد، تا بۆمان دەکرا پەرەمان پێدەدا، بە ئیمپرۆ گەشەی دەسەند، پاشان لە قۆناغی کۆتاییدا دیمەنەکانمان بە یەکدییەوە دەبەستەوە.

قسەکردن و گفتوگۆ دەبارەی میتود و چەمکی شێوازگەرێتی و مەرجەکی ماوەیەکی باشی خایاند، پتر لە دوو هەفتە ئەکتەرەکان پێیان وابوو ماوەیەکی زۆرمان بە ڕوونکردنەوە و گفتوگۆی تیوری بەسەر بردووە، بەڵام پاشتر کە شارەزابوون بۆیان دەرکەوت و تێگەیشتن بنەما تیورییەکانی چەمکی شێوازگەرێتی و مەرجەکی گەلێک گرینگ بوو بۆ بەخێرایی بەرەو پێشەوەچوونی کارەکەمان، ئەوەبوو پاشتر ڕەوتی پرۆڤەکان ڕیتمێکی خێرایان وەرگرت و ڕۆژانە ئەنجامێکی باشیان لێ دەکەوتەوە، ڕاهێنان دوای ڕاهێنان هەستمان بە پێشکەوتن دەکرد، بە ئەندازەیەک کە بۆ یەکەم جار بوو ئەکتەرەکانی ئارارات هەست بکەن ئەم جارەیان بەرەو نمایش دەڕۆین، ئەم جارەیان دەبێت ئەم شانۆیییە بۆ کوردانی سوێد نمایش بکەین.

## میتودی مەرجەکی

ڕاستییەکەی گەلێک زەحمەتە بەدەر لە باسکردنی دیدی ئیستێتیکیانەی هونەرمەند بۆ واقیع و مرۆڤ لەسەر شانۆدا، باس لە میتودی مەرجەکی بکەین، واتە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی واقیع و جیهانی مرۆڤ لەسەر شانۆدا، ئەمەش بەو مانایەیە کە واقیع نەک سەت لە سەت و فۆتۆگرافیانە لەسەر شانۆدا بەرجەستە بکرێت، بگرە دەبێت بە مەرجەکانی شانۆ بەرجەستە بکرێت، واتە پیشاندانی واقیع، نمایشکردنی واقیع لە چوارچێوەی یاری و کایەی ئەکتەر دێتە دی، یاری ئەکتەر، یارییەکی شانۆیییە کە بینەر تێیدا، پاش نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر، داهێنەری چوارەمە، ئەم یارییە لە میانەی بەشانۆکردنی واقیعەوە دێتە ئەنجام، واتە واقیع وەک یارییەک پیشان دەدرێت، یارییەک کە ئەکتەر و بینەر بە یەکدییەوە دەبەستێتەوە و هەردووکیان تێیدا بەشدارن. ئەکتەر بارە ئینسانییەکان، دۆخەکان، شتەکان سەت لە سەت وەک خۆیان، وەک ئەوەی لە واقیعدا هەن بۆ سەر شانۆ ناگوازێتەوە، بگرە هێمای ئەو شتانە دەبەخشێت و ئاماژەیان پێ دەدات، بەمەش خەیاڵ و ئەندێشەی بینەران کارا دەکات و بیرکردنەوەیان دەخاتە گەڕ. ڕۆڵی بینەر لەم پرۆسە هونەرییەدا گرینگە، چونکە بە پێچەوانەی بینەر، لێرەدا لە شانۆی سروشتەکیدا ئەکتیڤە، هەموو شتێک لەسەر شانۆ بۆ ئەو هێمایە، سیمبۆلە، ئاماژەیە، پتر لە یەک مانا، پتر لە یەک لێکدانەوە هەڵ دەگرێت. ڕاستییەکەی پاشتر بۆم دەرکەوت کە چەمکی مەرجەکێتی پێوەندییەکی پتەوی بە چەمکی دوالیزمەوە هەیە، کە هەموو شتێک لەسەر شانۆدا هەر نەبێت دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، شیکردنەوە و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی لەسەر ئەو( بینەر) وەستاوە.

گوزارە و دەربڕینی جەستەیی و بایەخدان بە ئاماژە و جووڵەی دینامیکی ئەکتەر شەقڵی بەرچاوی نواندنی ئەکتەرەکان، کۆمیدیا و تەنزی گرۆتێسک ئاسا باڵی بەسەر نمایشەکەدا کێشا بوو، هەر لە سەرەتاوە پێکهاتە مۆسیقاییەکەی نمایشەکەمان بە هەند وەرگرتبوو، دەمانویست هەموو ئەو تایبەتمەندێتییانەی کە لە نواندا باسم لێوە کردن، لەسەر نەزم و یاسای ڕیتمێکی توندوتۆڵ و چەسپاو بڕوات بەڕێوە.

دیارە هەر لە سەرەتاوە، بەدەم پرۆڤەکانی جووڵە سەرەتاییەکانەوە، هەوڵمان دەدا شێوازە مۆسیقیاییەکەی نمایشەکە بە دەستنیشانکردنی وەستان و وچان و بێدەنگییەکان بچەسپێنین، نایشارمەوە ئەم ئەرکە لە سەرەتادا بۆ ئەکتەرەکان زۆر ئاسان نەبوو، بەڵام من ئەم ئاستەنگەم بە کێشەیەکی گەورە نەدەزانی، چونکە بەر لەوەی جارێکی تر لە سوێد لە بواری شانۆدا دەست بەکار بم، پێشتر ئاگاداری ئەم کێشەیە بووم، مەسەلەی وەستان و وچان و هەستکردن بە کات" توقیت" کێشەیەک بوو نەک بۆ ئەکتەرانی کورد، تەنانەت بۆ زۆربەی ئەکتەرانی عەرەبیش کۆن و کلاسیکییە، بەشبەحاڵی خۆم تا ڕادەیەک دەزانم چۆن ئەکتەر ڕابهێنم و وای لێ بکەم ئەم تەکنیکە بە دەست بێنێت.



**دیمەنێک لە نمایشی دوو پێغەمبەردا**

هەر لە سەرەتاوە، لە کاتی خوێندنەوەی شانۆنامەکەوە، جەختم لەسەر هەستی موزیکالّی کرد، داوام لێ کردن تەنانەت بەدەم خوێندنەوەی سەرەتاییەوە هەوڵ بدەن هەست بە کات، بە وەستان و وچانەکان بکەن، بۆ ئەوەی پاشتر کارکردنیان لەسەر ڕیتم و نەزمی نمایشەکە ئاسان بێت، دواتر ئەکتەرەکان ئەوەیان سەلماند کە توانستیان بەسەر ئەو تەکنیکەدا دەشکێت، هەستی دروست بەکارهێنانی کاتی مۆسیقایی" توقیت" لە (گێژەن)دا گرینگ بوو، هەر ئەم تەکنیکە بوو ئاستە کۆمیدیاییە تەنزئاساکەی بەرز ڕاگرتبوو، هەر ئەو تەکنیکە بوو کە لە هەموو ساتێکی نمایشەکەدا بینەری خستبووە دۆخی چاوەڕوانییەوە، نزیکەی دوو کاژێر ئەکتەران توانییان ڕیتمێکی توندوتۆڵ ڕاگرن، بینەران تەواو کەوتبوونە ژێر کاریگەرێتی نمایشەکەوە.

هەر چوار ئەکتەرەکەی گێژەن، کوردۆ گەلاڵی و پشکۆ ناکام و قاسم عەزیز و شێروان فەیسەڵ، جەستە و دەنگیان، وزە و دینامیکییەتیان دەنواند، بە ڕیتمێکی دروست هەر چوار نمایشەکەی سەر شانۆی (ڕۆسالوند تیاتر)یان نمایش کرد.

یەکێک لە تایبەتمەندێتییەکانی گێژەن لە ناو کارەکانمدا ئەوەیە کە لە (گێژەن)دا بۆ یەکەم جار کارم لەگەڵ سینیۆگرافێکی پیشەمەند (ماریکا فاینسیلبەر)دا کرد، ئەم خانمە وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد، یەکێکە لە سینیۆگرافە پیشەمەندەکانی شانۆی سوێدی، کە خۆبەخشانە کارەکەی بۆ ئێمە کرد، ئەو دەیزانی تیپی ئارارات تیپێکی بچووکی سەربەخۆی کەم دەرامەتین، هەر لە سەرەتاشەوە دڵنیای کردین کە کارەکەی بۆ ئێمە بێ بەرانبەرە.

هەر لە (گێژەن)یشدا بۆ یەکەم جار ئەندازیارێکی ڕووناکی پیشەمەند کاری تیشکی بۆ کردین، ڕازی بوو بەوەی بە پاداشتێکی کەم کارەکەمان بۆ بکات، بە مەرجێک یەکێک لە ئەندامانی خۆمان لە کاتی نمایشدا لەگەڵی لە کۆنترۆڵی ڕووناکی دابنیشێت و کارەکە بەڕێوە ببات، بەوەش ڕازی بوو کە ئەندامی تیپ، فەرمان جاف هاوکاری بکات تا باشتر ئاشنای هەندێک لە بنەما و تەکنیکەکانی ڕووناکی و ئامێرەکانی ببێت. فەرمان جاف خۆی لەو بوارەدا زیرەک بوو، بەڵام هێشتا ئاشنای ئەو سیستەمەی سویدییە نەبووبوو، باش بوو لە (گێژەن)دا ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا کە شانبەشانی پسپۆڕێکی پیشەمەند کار لە بۆردی ڕووناکی بکات، فەرمان جاف پاش ئەزموونێکی دیکەی لەم جۆرە، ئیدی هەر خۆی ڕووناکی بۆ نمایشەکانی تیپ ساز دەکرد.

لەبەر ئەوەی بودجەی تیپی ئارارات بۆ شانۆنامەی گێژەن کەم بوو، دەبوایە هەر خۆمان زۆربەی کارە تەکنیکییەکانی نمایشەکەمان ڕاپەڕاندبایە، بۆیە کوردۆ گەلاڵی و جەمال نیزامەددین کە لە ناو ئەندامانی تیپدا شارەزای مۆسیقا بوون و موزیکژەنیش بوون، هەر خۆیان ئەرکی جێبەجێ مۆسیقایان گرتە ئەستۆی خۆیان، گۆرانی سەرەتا کە لەسەر نەزمی دەف دەڕۆیشت، دەبوایە دەفژەنێکی کارامە جێبەجێی بکات، خۆشبەختانە هونەرمەند ناسری ڕەزازی ئەو برگەیەی بۆ تۆمار کردین، مۆسیقای گۆرانی دووەم لەلایەن (کوردۆ گەلاڵی) و (جەمال نیزامەددین)ـەوە تۆمار کرا. بەدەر لەو دوو گۆرانییە، شێوازی پارچە موزیکەکانی دیکە، کۆنکرێت نەبوون، بگرە وەک هێما بەکار دەبران.

بۆ کاری پۆستەر و خۆشنووسین و دیزاین قاسم عەزیز لە ناو ئەندامانی تیپەکەدا دەستڕەنگین بوو، بۆیە ئەرکی ڕیکلام و پۆستەری گرتە ئەستۆی، بە هەمان شێوە پشکۆ ناکام ئەرکی نووسینەوە و پێداچوونەوە و کاری ئەدەبی و چاپکردنی شانۆنامەکەی گرتە ئەستۆ.

## بودجەی پێویست

بەڕێوەبەرایەتی کولتووری شارەوانی ستۆکهۆلم بۆ ئەم بەرهەمە کۆمەکی کردین، تیپیش بۆ کۆمەک مسۆگەرکردن، تەنیا ڕووی لە شارەوانی ستۆکهۆلم کرد، سەرەتا ڕەزامەندییان نەدا بۆ کۆمەک و یارمەتیدانمان، بە بیانووی ئەوەی کە دەبوایە زۆر زووتر داوای یارمەتیمان کردبا، بۆ جاری دووەم کوردۆ گەلاڵی ڕۆیشت قسەی لەگەڵ بەرپرسی بەشی کولتووری (یوهان ئیتسلەر) کرد، کە کەسێکی زۆر باش و پۆزەتیڤ و یارمەتیدەر بوو، دواتر بەخۆی هات بۆ لامان و نمایشی گێژەنی بینی، نمایشەکەی بەدڵ بوو، زۆر ستایشی کرد، پێی سەیر بوو، کە گێژەن نوێبەرەی تیپی ئارارات بێت و ئاستی ئەوەندە باش بێت، لەسەر داخوازی خۆم شەهادەتێکی زۆر جوانی بۆ نووسین، کە تا ئێستایش لەلای خۆم پاراستوومە. یەکێک لەو کەسایەتییە شانۆییانەی کە گێژەنی بینی، پرۆفیسۆری پۆڵۆنی جانینا لادۆڤسکایا بوو، کە پسپۆڕە لە بواری شانۆی پۆڵۆنی، یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانی بە ناوونیشانی ( شانۆی سیاسی شاعیری پۆڵۆنی)یە. لادۆڤسکایا شانۆی مرۆڤێکی زۆر باش دەناسی، ئەویش ڕای خۆی بە نووسین بۆمان تۆمار کرد. هەردووکیان، ئیتسلەر و لادۆڤسکایا، جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە ڕاستە ئەکتەرەکان پیشەمەند نین، بەڵام ڕێژیسۆر توانیویەتی بە ئاستێکی پیشەمەندانە کاریان لەگەڵدا بکات.

ئەوەی لە بۆچوونەکانی لادۆڤسکایا لە هەموویان گرینگتر بوو، ئەوەبوو کە چۆن توانیمان مرۆڤێک بەو شێوەیە پێشکەش بکەین، ئەو زۆر سەرسام بوو، بە جۆرێ چارەسەرکردنی شانۆنامەکە، دەرهێنان و نواندنی زۆر بەلاوە تایبەت بوو، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، لادۆڤسکایا زۆر بە کاردانەوەی نمایشەکە لەسەر بینەران سەرسام بوو، ڕۆژی پاشتر لە زانکۆی ستۆکهۆلم، هەر لەو بەشەی کە خۆی وانەی تێدا دەگوتەوە گوتی دەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم: چۆن توانیتان بینەر بەو شێوەیە کەمەندکێش بکەن، هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووم مرۆڤێک لەلای بینەری کورد بەو شێوەیە، وەک ئەوەی نووسەرێکی لای خۆتان بێ، وەربگیرێت، پێم بڵێ چیت کردووە؟

کە کوردۆ گەلاڵی گەڕایەوە، ڕەزامەندی لەسەر دە هەزار کرۆن وەرگرتبوو، ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەو سەردەمە و تیپێکی خۆبەخش کەم نەبوو، لە کوردۆم پرسی چۆن توانیت قەناعەت بە ئیتسلەر بهێنیت؟ لەوەڵامدا گوتی: ئەو کە گوتی نابێت، دەستم بە گریان کرد، گوتم وامزانی هونەرمەندان تەنیا لە وڵاتی ئێمەدا بایەخیان پێ نادرێت، بەڵام دەرکەوت لەلای ئێوەش لاوەکین. ئەویش گوتی: نا وا نییە، ئیدی یەکسەر کارەکەی بۆ ڕایی کردین.

وەک گوتم ئەو بڕە پارەیە کەم نەبوو، چونکە هەموومان خۆبەخشانە کارمان دەکرد، ئەو سەردەمە کەس باسی خەرجی نانخواردن و هاتوچۆی نەدەکرد، بەرهەمەکەش ئەوەند تێچووی نەبوو، بەڵام ئەوەی پشتی بودجەکەی شکاند، کرێی شانۆکە بوو، ئێمە پرۆڤەکانمان لە هۆڵێکی گەلێک باش و گونجاو بوو، ئەویش بە خۆڕایی بوو، بەڵام کرێی شوێنی نمایشەکەمان گران بوو، هۆکاریش ئەوە بوو کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەمانویست لەسەر شانۆیەکی گونجاوی لەبار و شیاو لە ناو شاردا، نەک لە دەوروبەری شاردا نمایش بکەین، نەماندەویست لە هۆڵی قوتابخانەکان و هۆڵی کۆنفرانس و ئەو هۆڵانەی کە ئاهەنگە کوردییەکانی لێ دەگێڕدرا، لەو شوێنانە نمایش بکەین، بۆ ئەوەی شانۆیەکی گونجاو دەستەبەر بکەین، کاتێکی زۆر خەریکی گەڕان و سۆراخ بووین، تاکو شانۆی ڕوسەلوندمان دۆزییەوە، کە لە سەنتەری ستۆکهۆڵمەوە بە شەمەندەفەری ژێر ئەرز، تەنیا شەش خولەک دوورە. یەکەم نمایشی تیپ لەسەر تەختەی شانۆیەکی پیشەمەندانە دەستپێکێکی بەهێز بوو بۆ تیپی شانۆی ئارارات.

## بینەر و کاردانەوەی نمایشی گێژەن:

ساڵانێکی دوورودرێژ بوو، هیچ بەرهەمێکم بۆ بینەران نمایش نەکردبوو، وەک پێشتریش گوتم پتر لە حەوت ساڵ بوو هیچ بەرهەمێکم بۆ بینەران پێشکەش نەکردبوو، بەڵام پێشوازی کردنی بینەران لە گێژەن بۆ من شۆکێکی پۆزەتیڤ بوو، بەشبەحاڵی خۆم لە هیچ یەکێک لە نمایشەکانی خۆمدا، بەدەگمەنیش لە نمایشی ڕێژیسۆرەکانی دیکەشدا، بینەرم بەو شێوەیە لە ژێر کاریگەرێتی نواندن و یاری ئەکتەردا نەبینیبوو، دواتریش وابزانم کاردانەوەی لەو جۆرەم تەنیا لە نمایشی یەکەمی هەزار و یەک شەوەدا لەلای بینەران هەست پێکرد.

دیارە پەیامی سیاسی شانۆنامەکە کە بە بێ ئەوەی ئاماژە بە کات و جێگەی ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکە بدرێت و بە ئاشکرا دەستنیشان بکرێن، پێوەندییەکی پتەوی بە بارودۆخی کوردستانەوە هەبوو، هێما و ئاماژە و سیمبۆلەکان وای لە نمایشەکە کردبوو گەلێک لێکدانەوە هەڵبگرێت، ئەمەیش بە ڕێکەت نەبوو، وەک ڕیژیسۆر پێم وایە ئەمە ئەرکی شانۆیە، میتافۆر و هێما و سیمبۆل بخاتە گەڕ. بینەرانی هەندەرانیش تینووی هونەرێکی لەم جۆرە بوون، بەر لە گێژەن چەندان بەرهەمی ئارەزوومەندانەی کرچوکاڵیان بینیبوو، بەڵام گێژەن هەستی ئەوەی لەلا دروست کردن کە ئەوانیش دەتوانن شانازی بەوەوە بکەن کە تیپێکی شانۆیی کوردی هەیە.

دیارە دۆخی ناهەمواری شەڕی براکوژی لە کوردستاندا بێ ئومێدییەکی قووڵی لەلای کوردانی هەندەران دروست کردبوو، ئەم نمایشە بۆ ئەو سەردەمە وەک بۆمبێک وابوو، بەڵام خۆ دەبێت ئاماژە بەوەش بدەم کە نمایشەکە کاردانەوەی سیاسیی لێ کەوتەوە، بە تایبەتی لەلایەن ڕێکخراوی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ئەوان سەرجەمی نمایشەکەیان بەوە تۆمەتبارکرد کە دژ بەوان و بە سەرکردەکانی ئەوان بێت، ئەوە بوو لە بەیاننامەیەکدا بە ناوی ئەکسا ( ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا )ـەوە کە سەر بە یەکێتیی نیشتیمانییە، بەیاننامەیەکی ئیدانەی دژ بە شانۆنامەکە بە ناوونیشانی (جاش هونەرمەندەکان چۆن بیر لە شۆڕش دەکەنەوە) بڵاو کردەوە، تێیدا هاتبوو کە گوایە باشتر وابوو ناوی تیپەکە تیپی شانۆی بەعس بوایە، نەک تیپی شانۆی ئارارات، ڕیژیسۆری شانۆنامەکەش بەم بەرهەمە سەلماندی کە چڵکاوخۆری بەعسە، هەروەها نووسەر/ نووسەرانی بەیاننامەکە، داوای ئەوەیان دەکرد کە دەبێت ڕیژیسۆرەکەی بکوژرێت. دەتوانم بڵێم ئەم بەیاننامەیە یەکەم بەیاننامەیە کە لایەنێکی کورد بەو زمانە هەڕەشەئامێزە دژ بە بەرهەمێکی شانۆیی دەری بکات. بەیاننامەکە کە لە زۆربەی شوێنە گشتییەکانی ستۆکهۆڵمدا هەڵواسرابوو، بەتایبەتی ئەو جێگایانەی کە خەڵکی کورد ڕووی تێدەکردن، بوو بە هۆی زیاتر ناساندنی تیپی شانۆی ئارارات، هەر ئەوکاتە لەلایەن کەسانێکی زۆر لە ئەدیبان و ڕۆشنبیران بەیاننامەکە مەحکووم کرا، بەڵام بێ گومان ژمارەیەکی کەمیش هەبوون، کە ناڕاستەوخۆ لەگەڵ بەیاننامەکەدا بوون، بە هەموو شێوەیەک بروبیانوو و پاساویان بۆ بایەننامەکە دەهێنایەوە، یانیش وەک هەڵوێستی نێگەتیڤ بێدەنگییان هەڵدەبژارد.

بیهێننە پێش چاوی خۆتان، لە ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی ئەو بلیتانەی کە لە نمایشی (گێژەن)دا فرۆشرا، لە چوار نمایشدا گەیشتە سێ هەزار بلیت، بە مەرجێک ژمارەی کوردی سوید بە ئەندازەی ئێستا زۆر نەبوو، بەڵام بینەرانی نماشەکە تەنیا دانیشتووانی ستۆکهۆڵم نەبوون، بگرە کوردەکانی دانیشتووانی شار و شارۆچەکەکانی نزیک و دووری ستۆکهۆڵم بە پاس خۆیان دەگەیاندە نمایشەکە.

کە دواتر شانۆنامەکەمان لە شاری ئۆپسالا و لەسەر شانۆیەکی باشدا نمایش کرد، بە ئەندازەی نمایشەکانی ستۆکهۆڵم بینەرمان نەبوو، دیارە کاردانەوەی بەیاننامەکە و بڵاوکردنەوەی هەڕەشە و شەڕ و ئاژاوە و پێکدادان لەناو هۆڵەکەدا خەڵکەکەی تۆقاندبوو، ئەوە جگە لەوەی کە ئەو لایەنەی بەیاننامەکەی بڵاوکردبووەوە، داوای لە لایەنگران و خەڵک و جەماوەری بەشەرەف! کرد کە نمایشەکانی ئارارات نەبینن.

هەموو ئەمانە پێگە و ناوبانگێکی باشی بۆ تیپی شانۆی ئارارات دروست کرد، تەنانەت ئەوانەی کە هەواداری شانۆ بوون، پاش ئەو بەیاننامەیە ئارەزووی ئەوەیان لەلا دروست بووبوو، نمایشەکانم ببینن. ڕاستە هەڕەشەکان، هەڕەشەی لێدان و کوشتن، وای لە چەند کەسێک کرد لێمان دووربکەونەوە و چیدی بەشداری لە نمایشەکانی ئارارات نەکەن، بەڵام بەڕای من ئەو قۆناغە زۆری نەخایاند.

لە شانۆنامەی (دوو پێغەمبەر)دا کاک عەزیز محەمەدی سکرتێری حزبی شیوعی لەگەڵ کاک ئەحمەدی بانیخێڵانی بۆ بینینی نمایشەکە هاتن، پاش دەستخۆشی، کاک عەزیز محەمەد گوتی:

من زۆر ناچم بۆ شانۆ، بەڵام ناوبانگی ئەم تیپەی ئێوە، کاردانەوە سیاسییەکانی نمایشەکەتان، ئەو بەیاننامەیەی کە لە دژتان بڵاوکرایەوە، وای لێکردم بە تاسەوە بێم شانۆیی دوو پێغەمبەر ببینم، بەڕاستی ئەم بەرهەمەی ئێوە نەک تەنیا گوزارە لە کۆمەڵی کوردەواری دەکات، بگرە بابەتەکەی هەموو جیهانی سێیەم دەگرێتەوە و پێویستە لە کوردستانیش نمایش بکرێت.